Mulla Sadra`s Transcendent Pilosophy
By Muhammad Kamal 2006
ISBN 0 7546 5271 8
Published by Ashgate Publishing Limited
Gower House, Grofi Road
Aldershot, Hants GU 11 3HR
England
www.ashgate.com

فەلسەفەی ترانسێندێنتی مەلا سەدرە
(سەدرەدینی شیرازی 1571 – 1640)

نووسینی موحەمەد کەمال (بە زمانی ئینگلیزی )
چاپ و پەخشی (ئەشگەیت) 2006
نرخ 45 پاوەند، 136 لاپەڕە

ژیان دەبێت بەرەوپێشەوە چوونێکی بەردەوام و پەرەسەندنی ویستی هێز بێت. هەوڵدانی ویستی هێز بۆ مانەوە نیە، بەڵکو بۆ پەرەسەندن و گۆڕانکاری چۆنیەتی ژیانە. گۆڕانکارییەک، کە تێیدا قۆناخێکی نوێ لە قۆناخێکی پێشتری، باشتر و پەرەسەندوو ترە. ئەمڕۆ لە دوێنێ و سبەینێ لە ئەمڕۆ گەشاوە ترە.
هەروەک چۆن هێراکلیدس و هیگڵ و مارکس، باسی ئەم تێزەدەکەن، مەلا سەدرەش لێی دواوە و لەو باوەڕەداشدا بووە، کە ناوەڕۆک، لە گۆڕانێکی هەمیشەیی و بەردەوامدایە و هیچ هەبوویەک، چ لە ناوەڕۆک و چ لە فۆرمدا، وەک خۆی نامێنێتەوە.
ئەم جۆرە گۆڕانکارییە لەلای مەلا سەدرە، بە »بزاوتی بنەڕەتی/ الحرکە الجوهریە» ناوزەدکراوە.
ئەم گەشتە فەلسەفییەی موحەمەد کەمال، هەنگاوێکە بۆ هاوتەرازکردنی بیری فەلسەفیانەی خۆرهەڵات، بەرانبەر بە پایە بڵندەکانی هزری خۆرئاوا، لە نموونەی هێراکلیدس و هیگڵ و مارکس و نیشاندانی کاریگەری مەلا سەدرە لەسەر هایدیگەر، لەخۆیدا بەرزڕاگرتنی ئاقارەکانی هزرە لە خۆرهەڵاتدا.
دەزگای چاپ و پەخشی ئەشگەت، لە پێشەکیەکی کورتدا بۆ کتێبەکە نووسیویەتی
«مەلا سەدرە، کاتێک لە بنەماکانی بوون دەدوێت و ئەنتۆلۆجیەکی نوێ بەگەڕ دەخات، ئیدی ئەوە دەبێتە، بناخەی داهێنانێکی نوێی ئەپستمۆلۆجی.
تێگەیشتن لە ئۆنتۆلۆجی مەلا سەدرە، زۆر گرنگە و بناخەی تێگەیشتنە لە گەشەی هزری فەلسەفەی ئیسلامی».